www.kurdistannet.org
13-2-2007 20:14 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## من بۆسبەینێ دەگریم تۆش بۆ ئەمڕۆی خۆت و منداڵەکان بگری!! ... خاڵەحەمە



ئەگەر بەوردی چاوێکی دۆستانەو مرۆڤانە بەناو مناڵانی کوردستانا بگێڕین بێ ئەوەی ویژدانمان وێڵ بکەین ئەبینین لەڕۆژی یەکەمینەوە کەمنداڵ لەدایک ئەبێت کۆمەڵێک گیروگرفت لەتەک خۆیدا ئەهێنێتەدنیاوە کەچارەسەری ئاسان و ساناى هەیەو نابێتە گێرمە وکێشەی ژیان، بەڵام بەداخەوە دەبێتە کێوی (دەماوەند) لەسەر سینەی منداڵەکەو ژیانی خێزان، ئەویش لەبەرنەبوونی وپێداویستیەکانی ساوای تازەزاوو خزمەتگوزاری ئەودایکانەی هەژارو دەستکورتن و هەر نۆمانگەو منداڵێکیان دەبێت بێ ڕەچاوکردنی باری تەندروستی و بەخێوکردنی منداڵکەکە، دەبێت ئەوەش لەیاد نەکەین کەئەم چینەهەژارە نەبوایە کورد دەمێک بووڕەچەڵەکی براڕبۆوەو ئاغاو بەگ و گەورەپیاوانیشمان دەبوونە ماڵەخەزورانی دوژمنەکانمان، ئاشکراشە کەلەنیشتمانی کوردا داگیرکاران و دەسەڵات زۆر بێ بەزەییانە خەڵکەکەیان دواخستوەو نەیانهێشتوە دەستی ئازادی و سەربەخۆیی بییانگاتێ، نەیانهێشتوە دەستی پێشکەوتن و تەکنەلۆجیا ڕۆڵی تەواوو یەکسان ببینێ لەچارەسەرکردنی نەخۆشیە دەرونیەکانی ئەوژنانەی دووگیانن و هەرچەندهەفتەی جارێک پزیشکی تایبەت بیانبینێت، کوردیش خۆی نەیتوانیوە ژیانێکی ئارام و بێ ترس و لەرز بۆ خێزانەکەی دابین بکات و هەمیشە لەبەردەم مەترسی مەرگ و گرانی ژیاندابووە، بەهەرحاڵ ئەوەچارەنوسی هەموونەتەوەیەکی ژێردەستەبووەو لەوەباشتر نابێت، بەڵام کێ بەرپرسیارە دوای تەوابوونی شۆڕش و ڕوخانی ئەورژێمە دیکتاتۆرە کە دەستی لە منداڵیش نەدەپاراست، ئەمڕۆ لەژێر سایەی دوو (حیزبی) تێرنەخۆری کوردا بۆ منداڵ بێ بەشکراوە لە هەموو دەستکەوتەکانی شۆڕش و بەشەنانەکەی خۆی کە دەوڵەت دەبێت بۆی دابین بکات، بۆ منداڵ بێ بەشکراوە لە هەموو پێویستیەکانی ژیانی (یەک بۆ هەزار) و وەک منداڵ ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بەسەرنابەن، وەک جێگای تایبەت بۆکەمکردنەوەی ئەرکی ئەودایکانەی دەستکورت وماندوون وناتوانن بەشێوەیەکی دروست چاودێری منداڵەکانیان بکەن، یادابینکردنی باخچەی ساوایان بێ جیاوازی چینایەتی و دامەزراندنی دەزگایەکی تایبەت بەمنداڵ کەسەرپەرشتی تەواوی قۆناغەکانی ژیانیان بگرێتەئەستۆ، ئەمڕۆ دۆلار بەسەردەسەڵاتی کوردیدا ئەبارێ و، هەزاران گەنگووگوو لەسایەیدا حەساوەتەوە، لەسەرقسەی خۆیان چەندان تێرنەخۆرەو بلیاردێرو هەزاران ملوێنر هەن کە دەتوانن لەبەرهەمی پارەکانیان بەشێک لەوئەرکە پیرۆزە لە ئەستۆبگرن، بەشێتم مەگرن گەربڵێم ئەم ڤایرۆسانە بەزەییان بەمنداڵیشدا نایەتەوە، کوردیش دەبێت (کۆ) بکاتەوەو لە بیری دەسەڵاتێکدابێت کە بیر لەمنداڵانی سبەینێی بکاتەوە نەک دەسەڵاتێک منداڵ لە منداڵیەوە لەبەردەرگاکەی خۆیدا کۆیلەی بکات و لێیان نەپرسێتەوە. . . من بۆ سبەینێ دەگریم، تۆش بۆ ئەمڕۆی خۆت و منداڵەکانت بگری و ئەودەسەڵاتە کوێرو کەرو لاڵەش بەئاگابێنە!!!

خاڵەحەمە/دانمارک/ڤالبی/2007/2/31

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.